## سالّح موزەلی ئازاد دەکرێ و کرێکارانی
## کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە دەدرێنە بەر دەسترێژی گوللە

هیدایەت مەلا عەلی

سالّح مزەلی یەکێك لە ژنکوژەکانی ئەمرۆی کوردوستان , دوای دەرکەوتنی ئەوتاوانە گەورەیەی بەرانبەر "مەهابات و جوان عەبدوڵا" ئە نجامیداو هەردووکیانی خەڵتانی خوێن کردوو خونچەی ژیانی هەڵوەراندن , ئەمڕۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان کە لە هەموو کات زیاتر پێوویستی بەم ئینسانکوژ و ژنکوژانە هەیە , لە تاڵەبانیەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی کۆمەڵایەتی و سەرۆك عەشرەتەکان و سەرۆکی حکوومەتەوە سیناریۆی پاکردنەوەی ئەم تاوانبارە لە تاوانەکانی بەرێخراوە, سالّح مزەلی لە" ئاوێنەی ژمارە 29 "دا دەڵێ من خۆم سەرلەشکری یەکێتی بووم لە یەك دەقیقەدا " 48" کەسم گرتووە , قسەکانی مزەلی و پەلەقاژەی دەسەڵات بۆ هێنانەوەی مزەلی بۆ نێو کۆمەڵگا , ئەو واقیعەتە نیشان دەدات کە دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد چارەنووسی بەسراوەتەوە بە دەست و مەچەکی ژنکوژانەی سالّح مزەلی و هاوشێوەکانیەوە , تاڵەبانی کە بانگەشەی ژنانی دەکرد ئەگەر ترسیان هەبوو بچنە ماڵەکەی ئەو , ئەوا ئێستا بە عەمەلی بکوژانی ژنان پاڵەوانی پێشنیارو هەوڵەکانی ئەون بۆ دەربازبوون لە زیندان .

دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردوستان لە کاتێکدا ژنکوژان ئازاد دەکات و نرخی خوێنی جووتێ ژن بۆ " 17 دەفتەر دۆلار " بەرز دەکاتەوە , هەر تۆزێك لەولاوەو لە ڕۆژی 27 ـ 7 ـ 2006 دا کاتێك کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە بۆ خواستەکانیان نارەزایەتی دەردەبڕن دەدرێنە بەر دەسترێژی گوللەو " 3 "کرێکار گیانیانبەخت دەکەن و " 12 "کرێکاریتریش بریندار دەبن , ئەم کردەوانەی دەسەڵات لەم چەند ڕۆژەدا چەند جار ڕاستی و دروستی ئەو لێکدانەوەیە نیشان دەدات کە دەسەڵاتی میلیشیای ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد پێچەوانەیە لەگەڵ ئاوات و حەزو ئارەزووەکانی خەڵکی کوردوستاندا , دەسەڵاتێك ژنکوژ و ئینسانکوژەکان ئازاد دەکاو کرێکاری ماندوو جل و بەرگ شڕ گوللە باران دەکات ئەبێت چ پێناسەیەکی هەبێت . ئەو کرێکارانەی گوللەی دەسەڵاتی میلیشیای یەکێتی نیشتمانی کوردوستان بوویە دیاری باشتربوونی بژێوی ژیانیان پێدەچێت ئە و کرێکارانە نەبن کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا سوێندیان بەسەریان دەخوارد کە ژیانیان باش بکرێت و هەموو خواستەکانیان وەڵام بدرێتەوە , تاڵەبانی نموونەکەی جەعفەری و مالکی هێنا بۆ کوردوستان بە پێچەوانەی ئەوەی فەزڵی گوێزانەوەی دیموکراسیەتەکی خۆیانی بۆ ناوەڕاست و باشوور بەخەڵکی ئەفرۆشتەوە ,زۆر نیە سەرۆکی هەرێم گوێی هەموومانی پڕ کرد لە ئازادی و دەسکەووتی پڕ بەهای حکوومەت و دەسەڵاتەکەیان , بەڵام خەڵکی کوردوستان ڕۆژانە بە ئەزموون و کردار بۆیان ڕوون ئەبێتەوە کە دەسەڵاتی ئەم حیزبانە

هیچ نیه بێجگه کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی هاوبەش بۆ کۆکردنەوی پارەو سەرمایە , تەقە کردن لە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە بەهیچ بڕوبیانوویەك پەردەپۆش ناکرێت و ناتوانرێت دەسەڵات لەم تاوانە دەربکێشرێت . لەژێر ناوی دەستگیر کردنی پاسەوانانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە

سەرکوتگەری دەسەڵات ناشارێتەوە , لە کوێ نارەزایەتی هەبووبێت گوللەو سەرکووت و زیندان و شەو چوونە سەر ماڵانی بەدوادا نەهاتووە , هێنانە خوارەوەی ئاستی ئەم تاوانە بۆ تەقەی چەند پاسەوانێك هێرشێکی ترە بۆ سەر کرێکاران و بەکەم گرتنی ژیان و گوزەران و ئاسایشیان , لەم ڕووداوەدا کرێکاران و دەسەڵات ڕووبەڕوی یەك وەستاون بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەزگای ئاسایش و ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات واینیشان دەدەن کێشەکە چەند پاسەوانێکەو دادگای دەکرێن .

کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە دواکاریەکانیان ئینسانییە بۆ ژیان و پاراستنی سەلامەتیانە لەسەر کار پێوویستیان بە پشتیووانی هەموو ئازادیخوازان و ئینساندۆستان و یەکسانیخوازان هەیە , ئازاد کردنی ساڵح مزەلی تاوانەو ئەرکی هەموومانە ئەم کردەوەیە ڕسوا بکەین .

2006 ـ 7 ـ 28